جێگەت گەرمە:
بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی لە سیاسەتی کوردیدا

فاتح سەعیدی

لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و بەشێک لە بزووتنەوەی کورد پێی وایە بەپێی پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی کوردستان کراوە و دەکرێ. ئەم شێوە دەربڕینە تەنیا لەسەر ئاستی قسەکردن نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گێڕانەوەی مێژوویی و تەنانەت پێگەی ئەخلاقیی لایەنەکان دادەنێ. ئەگەر پەیوەندیی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، کۆلۆنیالیستی بێ، ئەوە تەنیا ڕزگاریی کوردستانە دەتوانێ کۆتایی بەم سوڵتەیە بهێنێ و ناکرێ خەبات بە داواکردنی چەند ئیمتیازێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کورت بکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە خۆیندنەوەیەکی نوێ بۆ سازبوونی سنوور و نەخشەکان، سەرکوتی زمان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، و وێناکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە ساز دەکا.

پێشەکی

زۆربەی جار و لە گەرمەی مشتومڕی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوترێ کە ئازادی، سەربەخۆیی و ڕزگاری لە سوڵتەی داگیرکەر تێچووی هەیە. ئەم وتەیە ئەگەرچی سادەیە و هەموو کەس دەیزانێ، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە خەباتکار و چالاکانی سیاسیی قوواڵ بۆ باسەکان ناڕوانن. ئەوان بەباشی دەزانن کە خەبات دەتوانێ زیندان، ئاوارەیی، دوورخستنەوە، مەرگ، داڕمانی ئابووری و گوشار بۆ سەر بنەماڵەکانی بەدواوە بێ. لێرەدا و دوای قەبووڵی ئەم تێگەیشتنە، پرسێکی ئەخلاقیی دژوارتر خۆی دەردەخا. کێ جۆر و ڕادەی تێچووەکان دیاری دەکا؟ چ کەسێک بە ویستی خۆی بەرەوپیریان دەچێ و تێچووەکان بێڕەزامەندی بەسەر چ کەسێکدا دەسەپێت؟ کێ لە بڕیارەکان قازانجێکی سیاسی یا سەمبولیک دەبا، و چ کەسێک دەتوانێ لێی پاشگەز ببێتەوە؟ کێ دەتوانێ بەرپرسیارەتیی ئەنجامە نەخوازراوەکان وەئەستۆ بگرێ، لە کاتێکدا ئەوانی تر خۆیانی لێ بێبەری دەکەن؟

لەنێو چالاکانی دیاسپۆرا، کادری ڕێبەری و سیاسیی حیزبەکان، پێشمەرگەکان، چالاکانی مەدەنی و خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم پرسیارانە مشتومڕیان لێ کەوتووەتەوە. چالاکێکی دانیشتووی ئەوروپا ڕەنگە پشتیوانی لە گەرانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات بکا، و پێ وابێ بە هیچ شێوەیەک نابێ لە ویستی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی پاشگەز بینەوە و تەنانەت هەر جۆرە دانوستاندنێک ڕەت بکەینەوە. ئەو پێشمەرگەیەی کە دەبێ ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکا، مەترسیی مەرگ و بریندار بوون لەسەر ڕێیەتی. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی و زانیاریی زیاتریان سەبارەت بە ڕووداوەکان هەیە و بڕیارەکانیان دەتوانێ کاریگەری لەسەر ژیانی ئەندامانیان و خەڵکی ئاسایی دابنێ. چالاکانی مەدەنی دڵەڕاوکێی گیران و سووکایەتییان هەیە و دەیانەوێ فەزای سیاسی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی کەمیش بێ، بەرفراوانتر بکەنەوە. هاوواڵتییەکیش کە ئەندامی هیچ حیزبێک نییە، ڕەنگە لە ئاکامی شەڕ و سەرکوتی حکومەتی ئێراندا ئاوارە ببێ یان نەتوانێ لەبەر گرانی و دۆخی نالەباری ئابووریی، ژیانی هەڵسووڕێنێ. هەموو ئەم کەسانە دەتوانن خۆیان بە بەشێک لە خەونێکی مەزنتر بۆ کوردستان بزانن، بەڵام ئاستی بڕیار و تێچووەکانیان وەک یەک نییە. لەم ڕوانگەوە وتەی "جێگەت گەرمە"، ئاماژەیەکی کورت و پوختە بۆ ئەم نایەکسانییە. ئەم وتەیە زۆر جاران بە کەسێک دەگوترێ کە لە ژینگەیەکی ئەمنتەرەوە سەبارەت بە بابەتێکی هەستیار بڕیار دەدا کە تێچووە جەستەیی یان ئابوورییەکەی بۆ کەسانێکی دیکە زیادترە لە خۆی. هەڵبەت، ئەم وتەیە بۆخۆی قسەیەکی یەکلاییکەرەوە نییە و ناتوانێ کۆتایی بە مشتومڕەکان و بەڵگاندن بهێنێ. مەودای جوغرافی ناتوانێ مافی داوەریکردن لە کەسێک بستێنێتەوە، هەروەک چۆن نزیکایەتیی پێشمەرگە و چالاکانی مەدەنی لە مەیدانی خەبات بەو مانایە نییە ئەو کەسانە بێگەردن و مافی بڕیاری کۆتاییان هەیە. ئەو چالاکە سیاسییەی لە دیاسپۆرایە، ڕەنگە دەستی بە میدیا، زانکۆ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تۆڕی نێودەوڵەتی ڕابگا، بێئەوەی لەژێر سەرکوتی ڕاستەوخۆی ڕژیمی ئێراندا بێ. لە بەرانبەریشدا، ئەو خەباتکارەی لە مەیدانایە باشتر لە سنووری ئەو چالاکییە تێدەگا کە بەکردەوە بەڕەوڕووی کێشەکانی دەبێتەوە، و باشتر لە ترس، دڵەڕاوکێ، و ئاکامی ڕاستەوخۆی چالاکییەکان تێدەگات. لەم بارەوە، لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم لە مەودای دوورەوە و پێگەی دیاسپۆرا نیشانی دەدەن کە مەودا هەم دەتوانێ ماتەوزە(پوتانسیەل)ی سیاسی ساز بکا و هەم لەنێوان بڕیار و لێکەوتەکانیدا کەلێنێک پێک بێنێ (Anderson 1992; Koinova 2018). هەربۆیە لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوە نییە کە کێ مافی قسەکردنی هەیە، بەڵکو پرسیارەکەمان ئەوەیە هەر قسەیەک لە چ پێگەکەیەوە دێ و بڕیاردەر کامە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر ئاکامەکانی وەئەستۆ دەگرێ.

ئامانجی ئەم وتارە، تاوتوێی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە. مەبەست ئەوەیە دۆخی ئەخلاقی داوەری و بڕیاردان سەبارەت بە ڕێگاکانی خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی یان هەر شێوازێک لە مافی چارەی خۆنووسین

هەڵبسەنگێندرێ. ئەم وتارە لەم بۆچوونەوە دەست پێ دەکا کە مرۆڤی کورد مافی ئەوەی هەیە ئامانجی سەربەخۆیی هەبێ، بەڵام ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەر ئامرازێک ڕەوا بێ. بۆ وێنە، دەزانین کە سەبارەت بە نەتەوەی کورد ستەمێکی مێژووییی هەبووە، ناسنامە و داواکارییە سیاسییەکەی سەرکوت کراوە و ئەمانە دەتوانن مەشروعییەت بە ویستی ڕزگاری بدەن. بەڵام دیسان دەبێ نیشان بدرێ کە چ کەسێک دەتوانێ نوێنەری نەتەوەی کورد بێ، پێویستە خەڵک بەڕەووڕووی کامە مەترسی ببنەوە، جێگرەوەکانی خەباتی چەکداری چین و لە ئاکامدا بۆچی کەسانێک کە زۆرترین زیان و خەساریان بەردەکەوێ، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر شێوازەکانی خەبات هەبێ.

ڕزگاری، سەربەخۆیی و ئازادیی سیاسی

لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و بەشێک لە بزووتنەوەی کورد پێی وایە بەپێی پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی کوردستان کراوە و دەکرێ. ئەم شێوە دەربڕینە تەنیا لەسەر ئاستی قسەکردن نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گێڕانەوەی مێژووییی و تەنانەت پێگەی ئەخلاقیی لایەنەکان دادەنێ. ئەگەر پەیوەندیی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، کۆلۆنیالیستی بێ، ئەوە تەنیا ڕزگاریی کوردستانە دەتوانێ کۆتایی بەم سوڵتەیە بهێنێ و ناکرێ خەبات بە داواکردنی چەند ئیمتیازێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کورت بکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سازبوونی سنوور و نەخشەکان، سەرکوتی زمان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، و وێناکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە ساز دەکا. کێشانەوەی وڵاتی کوردستانێک لە گەمارۆی نەخشەی ئەو وڵاتانەی کە بەڕەسمی ناسراون، پەیوەندی بە گۆڕانکاریی مێژووییی، کۆلۆنیالیزم، سیستەمی نێودەوڵەتی و هەڵسوکەوتی ناسیۆنالیستەکانەوە هەیە. هەربۆیە ناسنامەی کوردی کتوپڕ و خەیاڵاوی نییە و سنووری سیاسییەکانی ئێستا شتێکی لەمێژینە و دڵخوازی کورد نین (Kaya 2020). ئەم وتارە ناپەرژێتە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێشتر تووێژەرانی کورد سەبارەت بە بەکارهێنانی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی نووسیویانە. ئەم وتارە باسی بابەتێکی ئەخلاقیی سنووردارتر دەکا کە تیایدا ڕزگاری ناتوانێ جێی ئامرازی خەبات بگرێتەوە. بێعەدالەتی و سوڵتەی داگیرکەر دەتوانێ هۆکاری بەرگری بێ، بەڵام ناتوانێ هەر جۆرە بەرگرییەک کە گرێدراوی ڕزگارییە، بە مەشرووع دابنێ. ئەو خەڵکەی قەرارە ڕزگار بکرێن ناتوانن تەنیا وەک ماددەیەکی مرۆیی بۆ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی سەیر بکرێن. ئەگەر ئەوان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، ئەم مافە هەندێک بابەتی دیکەش وەکو بەشداری لە دیاریکردنی کاتی خەبات و شێوازەکانی، هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و چۆنیەتیی نەزمی سیاسیی دوای ڕزگاری لەخۆ دەگرێ.

لێرەدا ئەو جیاکارییەی ئارێنت لەنێوان ڕزگاری و ئازادی دایدەنێ، بەکەڵکمان دێ. ڕزگاری کۆتاییهێنانە بە گوێڕایەڵی و سوڵتە؛ ئازادیی سیاسی بریتییە لەو دەرفەتەی بۆ ڕادەربڕینی ئازاد لە فەزای گشتیدا دەڕەخسێ و تیایدا مرۆڤ دەتوانێ لە سازکردنی کۆمەڵ و خێڕی گشتیدا بەشدار ببێ. هەربۆیە ئارێنت پێی وایە شۆڕش بە ڕزگاری کۆتایی نایەت، چونکە ئەنجامی کۆتایی بریتییە لەوەی فەزایەکی سەقامگیر بۆ ئازادی دابمەزرێ (Arendt 2006, chaps. 1 and 4). ڕەنگە سەربەخۆیی مەرجی سەرەکیی سازکردنی ئەم فەزایە بێ، بەڵام خۆی ناتوانێ گەرەنتیی ئازادی بکات. سەروەری دەتوانێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بۆ ڕێبەرایەتییەکی نەتەوەیی بگوازرێتەوە، بەڵام کێشەیەک لەسەر جێی خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر هاووڵاتییەکان هێزی ئەوەیان نەبێ لە ڕەوتی سازبوونی بڕیاردا بەشدار بن.

هەربۆیە دەبێ ئەخلاقی سەربەخۆیی هەر لە ئێستاوە لەگەڵ شێوازی ئازادی لە داهاتوودا سازگار بێ. بزووتنەوەیەک کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی بە خیانەتکار بزانێ و هەر جۆرە ڕەخنەیەک لە سیستەمی بەڕێوەبەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک بێڕێزی بە خوێنی شەهیدان پێناسە بکات، یان مافی قسەکردن گرێ بداتەوە بەوەی کێ زیادتر فیداکار بووە، بەڕەوڕووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە کە لۆژیکی سوڵتە لەناو سیاستی ڕزگاریدا بەرهەم

دێنێتـــەوە. ڕەنگـــە زیادتر بیر لـــەوە بکرێتەوە کە دوای ســـەربەخۆیی چ حکومەتێک لە کوردســـتان ســـاز ببـــێ، بـــەڵام لێـــرەدا بـــاس لـــەوە دەکرێ شـــێوازی خەبات دەتوانێ عادەتەکان، هیرارشـــیی کۆمەڵایەتـــی، و تەنانەت پێوەرەکانـــی گوێڕاڵەتی ســـاز بکاتـــەوە. ئەگـــەر هاوواڵاتییـــان لـــە کاتی خەباتـــدا تەنیا وەک هێزێکی ئامـــادەی جەماوەری ســـەیر بکرێـــن، ئـــەو نیگەرانییە ســـاز دەبێ کە دوای ســـەرکەوتنی خەبات لە دەسەڵاتدا دەورێک نە گێڕن.

ئەخلاق و ئەو دەرەنجامانەی پێشـــبینی دەکرێن

ماکـــس ڤێبـــەر لە وتاری سیاســـەت وەکـــو ئەرک بـــاس لە ئاقـــاری ئەخلاقـــی دەکات: ئەخلاقی بڕوا و ئەخلاقـــی بەرپرســـیارەتی. لە ئەخلاقـــی بڕوادا، بکەر پێداگری لەســـەر وەفاداربوون بە ڕێسایەکی دروســـت دەکا و دەرەنجامەکانـــی کردەکـــەی بۆ چارەنـــووس یان ئیـــرادەی کەســـانی دیکە بەجێ دەهێڵـــێ. لـــە ئەخلاقـــی بەرپرســـیارەتیدا، بکەر دەبـــێ جێگەیەک بـــۆ دەرەنجامەکانـــی کارەکەی بکاتـــەوە کە پێشـــبینی دەکرێن. ڤێبـــەر نالێ ئەم دوو شـــێوازە دوو نوسخەی ســـادەکراوەی خراپە و چاکەن. سیاســـەتمەدار ئەگەر بـــڕوای نەبێ دەبێتە کەســـێکی بەڕێوەبەر، بەڵام ئەگەر بەرپرســـیارەتی نەبـــێ و تەنیا بۆ ئەوەی خۆی بێگـــەرد بمێنێتەوە، ئامادەیـــە خەڵک تووشـــی ڕەنج ببن. بـــە باوەڕی ئەو، کردەی سیاســـیی جیددی کاتێک ســـاز دەبێ کە بەرپرســـیاربوون لە ئاســـت ئامانجەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دروســـتی ئامراز و دەرەنجامەکان هاوکات بێـــت (Weber 2004, 76-93).

پێداگریی ڤێبەر لەســـەر دەرەنجامـــەکان بە مانای ئەوە نییە دەبێ هەموو شـــتێک پێشـــبینی بکرێ، چونکە هەمیشـــە ئەنجامی سیاســـەت تارادەیەک ناڕوونە. کردەی سیاســـی زنجیرەیەک ســـاز دەکا کە هیچ کەســـێک لە ســـەرەتاوە ناتوانـــێ هەموویان کۆنتـــرۆڵ بـــکات. هەڵبـــەت بەرپرســـیارەتی لەو شوێنەوە دەســـت پێ دەکا بکەری سیاسی لەنێوان ڕاســـتییەک کە نایزانـــێ و ئەو بابەتـــەی نایهەوێ بیزانـــێ، جیـــاوازی دادەنـــێ. ئەگـــەر ئەزموون و زانیارییـــەکان نیشـــانی بدەن چالاکیـــی چەکداری بە ئەگـــەری زۆرەوە دەبێتە هۆی تۆڵە لە ئاســـتی بەرفراوانـــدا و لـــە ئەنجامدا چالاکانـــی مەدەنی دەگیرێن و بێسەروشـــوێن دەکرێـــن، و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئاســـایی دەکوژرێن یـــان ئاوارە دەبن، ناکرێ بڕیاری سیاســـی بۆ شـــەڕەکە بدرێ و دواتر چـــاوەڕێ بکرێ تـــا بزانـــرێ هەر بەڕاســـت ئەم دەرەنجامانـــە ڕوو دەدەن یا نا. چونکە هەرچۆنێک بێ دەکـــرێ هەندێک لەو دەرەنجامانە پێشـــبینی بکرێن. لـــە هەمان کاتدا، بەرپرســـیارەتی بە مانای گرێدانـــەوەی تووندوتیژیـــی دەوڵەتـــی داگیرکەر بـــە دژبەرانییەوە نییـــە. ئەوەی ســـەرکوت دەکا هەمیشـــە وەک بەرپرســـی تووندوتیژی دەمێنێتەوە. جیاکارییەکـــە لێـــرەدا لەنێـــوان بەرپرســـیارەتیی ڕاستەوخۆی دوژمن و بەرپرســـیارەتیی کەسێکە کە دەزانێ بڕیارە سیاســـییەکەی دەتوانێ مەترسییەک بـــۆ هاووڵاتیان ســـاز بکات.

ئـــەم جیاکارییە ناهێڵـــێ ئێمە هەندێـــک بابەت ســـادە بکەینەوە. لە لایەکەوە، دەوڵـــەت ناتوانێ لـــە ڕێگـــەی هەڕەشـــەکردن بـــۆ بەکارهێنانـــی تووندوتیـــژی، بەرگـــری و خەبات بە نامەشـــرووع پێناســـە بـــکات. چونکە ئەگـــەر وابـــێ، هەرچی دەوڵەتی داگیرکـــەر بێڕەحمتر بـــێ، مافی خەڵک بـــۆ بەرگـــری کەمتـــر دەبێتـــەوە. لـــە لایەکـــی دیکـــەوە، بزووتنەوەکـــەش ناتوانێ بڵـــێ چونکە بەرپرســـی ســـەرەکی و ڕاســـتەوخۆی تووندوتیژیی دەوڵەتە، هەڵســـەنگاندنی دەرەنجامەکانی بڕیاری سیاســـیی خەبات گرنگییەکی ئەوتـــۆی نییە. ڤێبەر ســـەرنجمان بۆ بەشـــی خۆڵەمێشـــیی سیاســـەت ڕادەکێشـــێ کە تیایدا بەرپرسیارەتییەکان ئەگەرچی لە یـــەک کاتدان، بەڵام هاوســـەنگ نیـــن. کاتێک ئێمە پرســـیار لە حیزبە سیاســـییەکانی ڕۆژهەڵات دەکەیـــن کـــە ئەگـــەری هەیـــە لـــە ئەنجامـــی چالاکییەکانیانـــدا مەترســـی بۆ ســـەر هاووڵاتییان زۆر ببـــن، ئەمـــە بەرپرســـیارەتیی دەوڵـــەت کەم ناکاتـــەوە؛ تەنیا ناهێڵـــێ ئەو حیزبـــەی کە خۆی بـــە نوێنەری سیاســـیی ســـتەملێکراوەکان دەزانێ، پێـــی وابـــێ پارێزبەندییەکی سیاســـی هەیە.

ئەخلاقـــی بەرپســـیارەتی هەروەهـــا پەیوەندی بە ئاســـتی گرێدراوەیی ئامـــراز و ئامانجـــەوە هەیە. حیزبێکـــی چەکدار ســـەرەڕای ئـــەوەی دەیهەوێ بەشـــێوەیەکی ســـنووردار تووندوتیژی بەکار بێنێ، بـــەڵام مێکانیزمەکان بەشـــێوەیەکن کە پێویســـتە فەرمانـــدەی نیزامی نهێنییـــەکان بپارێـــزێ، نەزم و دیســـیپلین ســـاز ببێ و هیرارشـــییەک لەنێوان ئەندامەکانـــدا چـــێ ببێ. ئـــەم پێداویســـتییانەی

چالاکیی چەکداری ئەگەر نەبن خەبات سەر ناگرێ، بەڵام دەشتوانن کاریگەری لەسەر فەرهەنگی سیاسیی داهاتوو دابنێن. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان بە قۆناغی شەڕ عادەت بکەن کە نابێ سەبارەت بە وردەکارییەکان لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، لە دوای سەرکەوتنیش ناتوانن فەزایەکی فرەچەشن پێک بێنن. کەواتە هەڵسەنگاندنی ستراتێژیی خەبات تەنیا تاوتوێی ڕێگاکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی نییە، بەڵکو دەبێ پرسیار لەوەش بکرێ ئەم ستراتێژییە چ شێوازێکی پەیوەندی لەنێوان حیزبی سیاسی، ڕێبەرایەتی، خەباتکار و هاوواڵاتی ساز دەکا.

لە ڕوانگەی قێبەرەوە، پێگەی بڕیاردەر کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئاستی بەرپرسیارەتی دادەنێ. کەسێک کە زانیاریی نهێنی هەیە، دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی بەدەستەوەیە و ئیمکانی دەستپێکردن یا وەستانی چالاکییەکی نیزامی هەیە، ناتوانێ بەرپرسیارەتییەکەی لەگەڵ کەسانێک کە ئەندامی ئاساییی حیزبەکەن، بەشێوەی یەکسان هاوبەش بکات. ئامانجی هاوبەش، بەرپرسیارەتیی هاوبەشی یەکسان ساز ناکات. بەپێی ئاراستەی کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان، و زانیاری سەبارەت بە سازبوونی مەترسی و ئیمکانی کەمکردنەوەی خەسارەکان، ئاستی وڵامدەربوونی کەسەکان سەبارەت بە کێشەکان جیاواز دەبێ. قەبووڵکردنی بەرپرسیارەتی تەنیا ئەوە نییە بوترێ ئامادەی هەموو دەرەنجامەکانین. کەسێک یان حیزبێک کە ئەو ئامادەییە دەردەبڕێ، دەبێ سەرەتا نیشانی بدا پێش لە بڕیارەکە ئایا بەرنامەی جێگرەوەی هەبووە، چ شتێکی بۆ پاراستنی هاوواڵاتیان کردووە و پاش ڕوودانی کێشەیەک چ ئەرکێک وەئەستۆ دەگرێ و تا چ ڕادەیەک دەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە یا بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوە.

ئاڕێنت و داوەریکردن لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە

قێبەر دەپرسێ لەگەڵ دەرەنجامەکانی بڕیار، دەبێ بکەر چ هەڵوێستێکی هەبێ. هانا ئاڕێنت پێی وایە سەرەتا دەبێ پرسیارێکی دیکەش لە خۆمان بکەین. بکەر چۆن دەتوانێ داوەری بکات و چۆن دەتوانێ دنیا لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە ببینێ کە پێکەوە یەک چارەنووسیان هەیە؟ بە باوەڕی ئاڕێنت داوەریی سیاسی کاتێک دەتوانێ موعتەبەر بێ کە بکەر بتوانێ خۆی لە جیاتی کەسانی دیکە دابنێ، نەک تەنیا لە دەروونی خۆیدا دڵنیا بووبێتەوە کە چ هەڵسوکەوتێکی هەبێ. ئاڕێنت بە کەڵکوەرگرتن لە کانت، پێی وایە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەیدا توانای داوەری هەیە، زەینی مرۆڤیش دەتوانێ پەرە بستێنێ و تەنیا لەناو خۆیدا سنووردار نەمێنێتەوە و؛ کاتێک دەیهەوێ بڕیارێک بدا، ڕوانگەی ئەو کەسانەش ببینێ کە بڕیارەکەی ئەو کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێ (Arendt 1992, 42-44).

ئەم تێڕوانینە بۆ چالاکانی سیاسیی دیاسپۆرای کورد گرنگە. کاتێک چالاکێک لە ئەوروپا بیر دەکاتەوە و خۆی لەجیاتی پێشمەرگەیەک دادەنێ، مەودای نێوان ستایشکردنی بوێری لەگەڵ ئەزموونی ترس و دڵەڕاوکێ، وەڕەزبوون، دیسیپلینی نیزامی و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ خۆی دەردەخا. بەڵام باشترە لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین: تاقیکردنەوەی ئەخلاقی نابێ تەنیا لەسەر ئەم پرسیارە بوەستێ کە ئایا خۆم ئامادەم گیانم بەخت بکەم؟ ڕەنگە تاکێک ڕاستگۆیانە ئامادە بێ فیداکاری بکا، بەڵام ئەم ئامادەییە هێشتا ناتوانێ مافی ئەوەی بداتێ کە سەبارەت بە گیانی کەسانی دیکە بڕیار بدا. کاتێک کەسێک ئامادەیە خۆی قوربانی بکا، بڕیارێکی بەکردەوەی داوە، بەڵام لە سیاسەتدا بڕیار لەسەر چالاکیی حیزبێک زنجیرەیەک لە دەرەنجامەکان بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێ و خوازراو و نەخوازراو کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دادەنێ. لێرەدا گرنگە بیر لەوە بکرێتەوە بڕیارەکان چ کاریگەرییەک لەسەر ژیانی ئەو کەسانە دادەنێ کە خۆیان ئامادە نین لە خەباتەکەدا بەشدار بن.

هەربۆیە لێرەدا ڕوانگەی هاوواڵاتییەکی ئاسایی پێگەیەکی گرنگ پەیدا دەکا. زەینی پەرەسەندووی مرۆڤی کورد، داوا لە چالاکی سیاسی، ڕۆشنبیر یا ڕێبەرێکی حیزبی دەکا کە بڕیاری سیاسی لە ڕوانگەی دایکێکەوە ببینێ کە نیگەرانە منداڵەکەی بگیرێ، وەرزێڕێک کە خانووەکەی بۆمباران دەکرێ، خوێندکارێک کە قوتابخانەکەی دادەخرێ، یا بنەماڵەیەک کە ئاوارە دەبێ.

لێرەدا باس لەم نموونانە ناکرێ بۆ ئەوەی هەستی خوێنەر ببزوێ. ئەوانە نموونەی ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەن و ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی خەباتی ناسیۆنالیستیدا نابێ پشتگوێ بخرێن، و نابێ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە وەک تێچوویەکی لاوەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مەزنتر دەکرێ پشتگوێ بخرێن. ئەم تێچووانە بۆ ئەو کەسانەی خەساریان بەردەکەوێ هەموو دنیاکەیان دەگۆڕدرێ. داوەریکردنی بەرپرسیارانە کاتێک دەست پێ دەکا کە ئەم نموونانە بە هەندێک ژمارە کورت نەکرێنەوە کە دەکرێ لە کاتی خەباتدا چاوپۆشییان لێ بکرێ.

ئارێنت کردەی ئەخلاقی لەگەڵ دۆخی فرەچەشنی مرۆیی گرێ دەداتەوە. مرۆڤەکان یەکسانن تا بتوانن لە یەکتر تێبگەن، و جیاوازن تا لە قسەکردن و کردەی هەر کامیان مانایەکی نوێ ساز ببێ. دەرەنجامی کردەی سیاسی چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندیی مرۆییەوە هەیە، چی تر لە دەستی ئەو کەسەدا نامێنێتەوە کە لە سەرەتاوە دەستی پێ کردووە (Arendt 1998, 175-200). لێرەدایە دوو خاڵی گرنگمان سەبارەت بە سیاسەتی ڕزگاری بۆ دەردەکەوێ. سەرەتا، نەتەوە تاقە یەک ئیرادەی یەکپارچە نییە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی، کات و ساتی خەبات، مەشرووعییەتی خەباتی چەکداری، جیاوازی و ڕوانگەی تەنانەت دژبەیەک هەیە. دووەم، چونکە بەدڵنیاییەوە نازانین ئەنجامی کردەی سیاسی چ دەبێ و ناشکرێ دەرەنجامەکان بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەین، باسکردن لە بەرپرسیارەتی، ئیکمانی ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوە بەسەر بڕیارەکاندا دەهێڵێتەوە.

پێنج پێگە لە یەک مەیدانی نایەکساندا

پێنج دیمەنی چالاکی دیاسپۆرا، پێشمەرگە، ڕێبەری حیزب، چالاکی ڕۆژهەڵات و هاووڵاتییەکی ئاسایی پێنج ناسنامەی نەگۆڕ و جیا لە یەک نین. تاکێک ڕەنگە ماوەیەک پێشمەرگە بووبێ و دواتر بووبێتە پەنابەر یا ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبێکی سیاسی؛ بنەماڵەکان لەنێوان ناوخۆی ڕۆژهەڵات، هەرێمی کوردستان و ئەوروپا (ڕۆژاوا) دابەش دەبن. بەڵام کاتێک بەشێوەیەکی شیکاری سەیری ئەم پێگانە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ چۆن دەسەڵات، بەرپرسیارەتی و خەسارەکان دابەش دەبن. جیاوازیی سەرەکی لەنێوان بوێر و ترسنۆک یا وەفادار و بێلایەندا نییە، بەڵکو جیاوازییەکان کاتێک ساز دەبن کە بزانین هەر کام لەم پێگانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن بڕیاری سیاسییان بەدەستەوە بێ و تا چ ڕادەیەک ئەو بڕیارانە مەترسی ساز دەکەن. ڕۆشنبیر یا چالاکی سیاسیی دیاسپۆرا زۆربەی کات ئازادییەکی زیادتری بۆ قسەکردن و دەستڕاگەیشتن بە هەندێک میدیا و سەرچاوە هەیە و دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگی کوردستان و کورد بێ. تۆڕی دیاسپۆرا لە بەرهەمهێنانی ڕەوایەتی کوردی، دابینکردنی سەرچاوەکان، لۆبیکردن و ڕێکسختنی گشتیدا دەورێکی ڕاستەقینە دەبینێ و ناکرێ ئەوان تەنیا وەک بینەری ڕووداوەکان سەیر بکرێن (Baser et al. 2015). هەر ئەم هێزە، بەرپرسیارەتی بۆ دیاسپۆرا ساز دەکا. بۆ وێنە هەرکات ئەندامێکی دیاسپۆرا بیەوێ مەشرووعییەت بۆ پەرەسەندنی گرژی و خەباتی چەکداری ساز بکا، ئەوسا بەوشیاری و وردبینییەکی زیادترەوە دەبێ باسی زانیارییەکان، ئەگەری سەرکەوتن و پەرەسەندنی مەترسییەکانی شەڕ بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان بکات. ڕاستگۆیی چالاکی دیاسپۆرا هەر بەوە هەڵناسەنگێندرێ کە ئامادەیە بۆ ڕۆژهەڵات بگەڕێتەوە و گیانی خۆی بەخت بکا. بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی لە هەندێک شێوازی کەمتر پاڵەوانانەدا دەردەکەوێ: لەو کاتانەدا کە بەشێوەی ئابووری پشتگیری لەو کەسانە دەکا کە لە ڕۆژهەڵات یا لە هەرێمی کوردستان زیانیان بەرکەوتووە، هاوکاریی پەنابەرانی سیاسی دەکا، بەداواداچوونی بۆ پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات هەیە، و ناهێڵێ ناوی ئەو کەسانەی کە لە بەرەی پێشەوەی چالاکی لە ڕۆژهەڵاتدان، بەخراپە ببردرێ.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە بەو مانایەی کە بێئەو بڕیاری سیاسی ناتوانێ جێبەجێ بکرێ. مەترسی بۆ سەر گیانی پێشمەرگە تەنیا لەسەر کاغەز نییە. ئەگەرچی ئەو بە ویستی خۆی و بەپێی ئیرادەیەکی ئازاد مەترسییەکانی قەبووڵ کردووە، بەڵام حیزبی سیاسی دەبێ هەمیشە ئامادە بێ کە بەپێی زانیاریی تەواو

پێشمەرگەکان بۆ مەئموورییەت بنێرێ، پشتیوانی لە بنەماڵەکانیان بکا و ڕێگەیەک بۆ ئەوە دابنێ کە ڕۆژێک ئەوان چی تر نەیانهەوێ پێشمەرگە بمێننەوە یان گرنگی بە ڕەخنە و بۆچوونەکانیان بدات. ئەگەرچی لە ئاستی نیزامیدا جێبەجێکردنی فەرمانەکان مەرجی سەرکەوتنە، بەڵام هەمیشە پێشمەرگە دەتوانێ سەبارەت بە کردەوەی حیزبەکەی پرسیاری ئەخلاقی هەبێ، ئەگەرنا پێشمەرگە لە گرنگترین بکەری سیاسەتی نەتەوەییەوە بۆ ئامرازێکی حیزبی دەگۆڕدرێ.

ڕێبەریی حیزبی ڕێک لەو خاڵەدا وەستاوە کە بڕیار و دەرەنجامەکان لێک نزیک دەبنەوە. هەرچەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەریی حیزبەکان هەمیشە بەرەوڕووی مەترسیی گیانی بوونەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ مەترسیی گیانی بۆ سەر ئەوان لە پێشمەرگەکان کەمتر بووە. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان بەرپرسیارەتییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە دەستیان بە زانیاری ڕادەگات و هەر لەو ڕێیەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی دادەنێن. ڕێبەر دەبێ لەنێوان پاراستنی نهێنییەکان و مافی ئەندامەکان و خەڵک بۆ زانینی هۆکاری بڕیارەکان هاوسەنگییەک ساز بکا. ئەو ناتوانێ لە کاتی عەمەلیاتدا هەموو وردەکارییەکان بدرکێنێ یان ڕوونکردنەوەی بۆ فەزای گشتی هەبێ، بەڵام دەتوانێ پێوەرەکانی بڕیاردان، هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، سازوکاری وڵامدەربوون و چۆنیەتیی کشانەوە ڕوون بکاتەوە. بەڵام هەندێک جار دەبێ ڕێ لەجیاتی باسکردنی ئەم مێکانیزمانە باسی زەروورەتی مێژوویی، داواکاریی خەڵک یا دریژەپێدان بە ڕێگای شەهیدان دەکرێ و لە ئاکامدا بەرپرسیارەتی لە ڕێبەرەوە بۆ هەندێک چەمکی دەرهەست دادەبەزێنێ.

هاووڵاتیی ئاسایی زۆربەی کات کەمترین بڕاردەی بۆ کاریگەری لەسەر سیاسەت هەیە، بەڵام بەگشتی زۆرترین تێچووەکانیش لەسەر شانیەتی. تێچووەکان تەنیا ئەوە نییە کە هاووڵاتییەک بکوژرێ، بەڵکو لەدەستدانی کار، پچڕپچڕبوونی ڕەوتی پەروەردە، کۆچی زۆرەملێ، ترسی بەردەوام، گوشاری ئەمنییەتی بەشێکن لە تێچووەکان. ئەم بارگرانییانە تەنانەت بەشێوەیەکی یەکسان لەناو کۆمەڵگادا دابەش نابن. ئەو بنەماڵانەی داهاتەکانیان کەمە، ئەو کەسانەی لە گوندەکانی سەر سنوور دەژین، زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەکانیان، ژنانی سەرپەشتیاری بنەماڵە بەشێوەی گشتی زۆرترین مەترسی بۆ ژیانی ئاساییان ساز دەبێ. هەر لەبەر ئەمانە تەنیا باسکردن لە ژمارەی قوربانییەکان بێئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، ناتوانێ وێنایەکی دروستمان لەو مەترسییانە پێ بدا کە شەڕ و گرژییەکان بەرهەمی دەهێنن.

ئەو چالاکە مەدەنییەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژی نە لە پێگەی هاووڵاتییەکی ئاساییدایە و نە دەسەڵاتی ڕێبەرێکی حیزبی هەیە. ئەو بەوشیارییەوە دێتە ناو فەزای گشتییەوە و لە ڕێگەی چالاکیی پیشەیی، کولتووری، ژنان، خوێندکارەکان و مامۆستایانەوە لە بەرانبەر سووڵتەدا بەرگری ساز دەکا. ئەو بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانێ دەرەنجامەکان کۆنترۆڵ بکا و هەندێک جار تێچووی چالاکییەکانی کاریگەری لەسەر بنەماڵە و هاوکارەکانیشی دادەنێ. بەرپرسیارەتیی ئەخلاقیی چالاکێکی مەدەنی لە مەودای نێوان دەسەڵاتێکی سنووردار و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان ساز دەبێ. ئەو ناتوانێ توندوتیژیی حکوومەت کۆنترۆڵ بکا، بەڵام دەبێ سەبارەت بە شێوازەکانی لێپرسینەوە، ئەشکەنجە و زیندانیکردن، دوورخستنەوە و بێبەشکردنی تاکی کورد بەرپرسیارەتی هەبێ. ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە بەرپرسیارەتیی سەرکوت لە حکوومەتەوە بۆ قوربانی بگوازینەوە. بەرپرسیارەتیی ئەشکەنجە و زیندانیکردن هەر لەسەر شانی حکوومەتە، بەڵام چالاکی مەدەنی لەم شوێنانەدا هەر بەرپرسیارە کە بەئاسانی نەبێتە هۆی گیرانی خۆی و هاوڕێکانی، بەهۆی چالاکییەکەوە داهاتووی ڕێکخراوەکە نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، و خۆی بۆ ئەو مەترسییانەش ئامادە بکا کە پێشبینی دەکرێن.

ئەخلاقی بەرپرسیارەتیی قێبەر لێرەدا ناهێڵێ بە دوو شێوازی سادە داوەری بکەین. لە لایەکەوە ناکرێ هەر پارێزێک وەک ترس یا سازش ناو ببەین و نابێ لە چالاکی مەدەنی داوا بکرێ کە بۆ سەلماندنی خۆی تێچووی زیادتر بدا. لە

لایەکی دیکەشــەوە، ناکرێ هەر جۆرە ســازکردنی ڕێکخراوەیــەک بەباش دابنــدرێ. چالاکی مەدەنی باشــترە خۆی لــە نمایش بەدوور بگــرێ و گرنگی بــەو مەترســییانە بــدا کــە بــەرەوڕووی کۆی چالاکییەکان لە کوردســتان دەبێتــەوە. ئەگەرچی ئــەو ناتوانــێ دەرەنجامەکانــی چالاکییەکانــی کۆنتــرۆڵ بــکا، بــەڵام ئەرکی ســەر شــانیەتی مەترســییەکان بناســێ و کەمیان بکاتــەوە. بەم واتایــە پارێزکــردن بەشــێک لە بوێریی سیاســی پێــک دێنێ.

ئارێنــت تێگەیشــتنێکی دیکەمان بۆ ســاز دەکا. چالاکیــی مەدەنی تەنیــا ئامرازێک بۆ گەیشــتن بە ســەربەخۆیی یــا گۆڕینی ڕێژیم نییــە، بەڵکو دەبێتــە ئەکتــەری ســەرەکیی ئەو شــوێنەی کە تیایــدا ڕاهێنــان بۆ ئــازادی و سیاســی دەکرێ. کاتێــک چالاکانــی مەدەنی پێکەوە کــۆ دەبنەوە و قســە بۆ خەڵک دەکــەن و ئەوان بــۆ کارێکی بەکۆمــەڵ دەجوولێنن، شــێوازێک لە دەســەڵاتی گشــتی پێک دێنــن کە لەگــەڵ ئەو دەســەڵاتە جیــاوازە کە بەناچــاری قەبووڵ کراوە و بەســەر کۆمەڵــگادا بەزۆرەملێ ســەپاوە. لــەم ڕوانگەوە، ئەنجومەنــە مەدەنییــەکان تەنیــا ئامرازێکــی کاتــی بۆ خەبــات نین، ئــەوان دەتوانن شــێوازە ســەرەتاییەکانی هەمــان ئەو ئازادییــە بەرهەم بێنــن کــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد مــژدەی دەدا. ئەگــەر ئــەم ڕێکخراوانــە لەناو خۆیاندا بۆچوونــی ڕەخنەگــران بێدەنگ بکەن و بڕیــارەکان تەنیا لەنــاو بازنە داخراوەکاندا ســاز ببــێ، ئەگەری ئــەوە هەیە کە لۆژیکی ســوڵتە لە ناویانــدا بەرهــەم بێتەوە.

نزیکایەتیــی چالاکانــی مەدەنــی بــە مەیدانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەتوانــێ قورســایی بە بڕیارەکانیــان بــدا، بــەڵام ناتوانێ ئــەوان وەک تەنیــا نوێنــەری خەڵک نیشــان بــدا. ئەزموونی زیندانیکــردن و چالاکیــی نهێنــی ڕەنگــە تێگەیشــتنێک ســاز بکا کــە چالاکانی دیاســپۆرا نەتوانــن هەیانبێ، بــەڵام ئەزموونی ڕاســتەوخۆ ناتوانێ جێگەی ئیســتدلال و بەڵگاندن ســەبارەت بە ســتراتیژیی خەبات بگرێتەوە. پێویستە چالاکی مەدەنــی ڕوونی بکاتــەوە کە لەجیاتی کێ قســە دەکا و هەروەهــا نابــێ خۆی لە ڕەخنــە بەدوور بگــرێ. پەیوەندیــی چالاکانــی ناوخــۆ لەگــەڵ حیزبــەکان و دیاســپۆرا باشــترە لەســەر بنەمای پەیوەندییەکــی وڵامدەرانــەی دووڵایەنــە ســاز ببێ. پشــتیوانیی ئابووریــی، میدیایی و یاســایی لــە دەرەوە دەتوانــێ فەزای کارکردنــی چالاکانی مەدەنــی بەرفــراوان بکا، بــەڵام وابەســتەیی بە ســەرچاوەی دەرەکــی ڕەنگە ببێتە هــۆی ئەوەی ئەولەوییەتەکانیان بگۆڕدرێ یا کاریگەری لەســەر بڕیارەکانیــان دابنــێ. هەربۆیە چالاکــی مەدەنی دەتوانــێ پەیوەندی لەگــەڵ دەرەوەی ڕۆژهەڵاتدا هەبێ، بێئەوەی ســەربەخۆیی بڕیــاردان لەکیس بدا.

دیاسپۆرا و سیاسەت لە نزیکەوە

ژیان لە دیاســپۆرا بە مانای ئاســایش و ڕفاە نییە. دوورکەوتنەوە لە کوردســتان، ڕاســیزمی ڕۆژاوایی، فێربوونــی زمانی بێگانــە، کێشــەکانی پەنابەری، نەبوونــی ناســنامەی وڵاتــی دووەم و دابڕان لە بنەماڵــە هەندێــک لــەو ئەزموونە ســەختانەی کوردانی دیاســپۆران. لەم ســاڵانەدا لێکۆڵینەوەکان نیشــانی داوە کە دیاســپۆرای کــوردی ڕۆژهەڵات (بەتایبەت ئەوانەی پێشــتر پێشــمەرگە بوون و یا ئەو خەباتکارانەی کە ئیســتا پەنابەری سیاســین) هەســتی نەتەوەیــی و گرێدراوییەکــی تۆختریان بۆ کوردســتان لەلا ســاز بووە. وێنای کوردســتانی گــەورە لە خەیاڵی دیاســپۆرای کوردیــدا پڕڕەنگە و وەک ئاســۆیەکی هاوبەش ئەوانــی پێکەوە گرێ داوەتــەوە. ئەگەرچــی جاروبار بــەرەوڕووی ئەو کێشــەیە دەبنەوە کە جیاوازیی پرســی نەتەوەیی لە پارچــەکان لەبەر چــاو ناگرن.

نابــێ ئــەوە لەبیــر بکەیــن کــە نزیکایەتی لە مەیدانی خەبات ناتوانێ هەمیشــە مەعریفەیەکی تەواو ســاز بکات. گوشــاری ئەمنییەتــی بازنەی زانیــاری ســنووردار دەکا، هەندێــک جــار وابەســتەیی بە حیزبــەکان ڕەخنەگرتن ئەســتەم دەکاتــەوە، و خەمــی ژیانــی ڕۆژانــە دەرفەتی کەمتر بــۆ خۆتەرخانکردن بە کاروبــاری مەدەنی دەهێڵێتــەوە. بــەڵام هەندێــک جــار خەڵکــی ڕۆژهــەڵات و ئەندامانــی حیزبــەکان تانەی ئەوە لە دیاســپۆرای کورد دەدەن کــە جێگەتان گەرمە و ئەمــە نەتەنیا بــەو مانایە بەکار دێنــن کە بیریان بهێننەوە مەترســییەکی نایەکسان لەئارادایە، بەڵکو هەندێــک جاریش بۆ ئەوەیە کــە ڕەخنەکانیان بە هەنــد وەرنەگرن. ئەم شــێوازە بەکارهێنانە لەگەڵ ئەخلاقی بەپرســیارەتی نایەتــەوە. ئەگەرچی ئەو

کەسانەی ڕەنجی زیادتر دەکێشن، قورساییەکی مەعریفەتی زیادتریان بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە هەیە کە پەیوەندییان بە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە هەیە، بەڵام هەر کات بیانەوێ باس لە ستراتیژی و نوێنەرایەتیی خەڵک یا نەتەوە بکەن، دەبێ بەڵگەیان بەدەستەوە بێ.

پەیوەندیی ئەخلاقیی نێوان دیاسپۆرا، حیزبەکان و ناوخۆی ڕۆژهەڵات دەکرێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی ئەو ئەرک و چالاکییەکانە بێ کە پێکەوە وەئەستۆیان گرتووە و لەهەمبەریشیدا دەبێ وڵامدەر بن. دیاسپۆرا دەتوانێ هەندێک لە تێچووەکان وەئەستۆ بگرێ و حیزبەکانیش دەتوانن بەشێوەی مەیدانی کارەکان بەڕەوپێش ببەن. هیچ کامیان جێی ئەوی دیکە ناگرێتەوە. داوەریکردن لە ڕوانگەی ئارێنتەوە پێویستی بە سەرنجدان بە ڕوانگەی ئەوانی دیکەیە، نەک ئەوەی دەست بەسەر دەنگی ئەواندا بگیرێت.

دەرەنجام: گەڕانەوە بۆ وتەی جێگەت گەرمە

دەکرێ ئیستا وتەی جێگەت گەرمە لەسەر سێ ئاست شی بکرێتەوە. یەکەم، ئەم وتەیە باس لە نایەکسانییەک دەکا کە کاتی بەڕەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکان تووشی مرۆڤ دەبێ. ئەوەی وتەکە دەردەبڕێ دەیهەوێ بیرمان بێنێتەوە کە هەمووان وەک یەک بەڕەوڕووی گیران، بۆمباران، مەرگ، بێکاری و کێشەی ژیانی بنەماڵەیی نابنەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئایا جێگەی گەرم بە واتای ئەوە دێ کە ئیتر ژیان بێخەم و سەرئێشەیە بۆ خەڵکی دیاسپۆرا؟ چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە هەندەران دەژین، بۆخۆیان تووشی دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان، پەنابەری، دابڕان لە بنەماڵە و تەنانەت ڕاسیزم بوونەتەوە. گەرمی، چەمکێکی ڕێژەییە و گرێدراوی یەک بڕیاری ڕوونە: چ کەسێک دەتوانێ لە دەرەنجامی بڕیاری شەڕ و گرژی، خۆی دوور ڕابگرێ و چ کەسێک بەناچاری لە مەیدانەدا کێشەکانی بۆ بەجێ دەمێنێتەوە؟

دووەم، ئەم وتەیە بەڕپرچدانەوەیەکی مەعریفەتییە. ڕاستە، مەودای شوێن دەتوانێ کاریگەرییە نەرێنییەکانی شەڕ لەسەر ژیان کەم بکاتەوە کە لە سایەی سەرکوت، تۆقاندن و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاساییی ژیان ساز بوون. بەڵام ئەم بەڕپرچدانەوەیە کاتێک بایەخی هەیە کە نیشانی بدا ئەوەی بۆچوونێکی هەبووە، هەڵەیەکی ئاشکرای کردووە یا لە کاتی بڕیارەکەیدا ئاگاداری کێشەکان نەبووە و ئاگامەند قسەی نەکردووە. هەربۆیە تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێک دوور لە ڕۆژهەڵات دەژی، ناکرێ بەو دەرەنجامە بگەین کە بەڵگاندن و بۆچوونەکانی هەڵەن. تەنانەت هەندێک جار مەودا دەتوانێ دەرفەتی بەراوردکردن، تۆڕینەوە و دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە سەرچاوەکان و ڕادەربڕینی بێترس لە سانسۆر بڕەخسێنێ. نزیکایەتیش لەگەڵ مەیدانی ڕۆژهەڵات ڕەنگە هەندێک جار لەبەر گوشاری ئەمنییەتی، وابەستەیی بە حیزب و ڕێکخراوە و هەروەها سنووردارکردنی زانیارییەکان ناتوانێ بەڵگەی پێویست فەراهەم بکات. کەواتە ئەگەرچی پێگەی بڕیاردەر کاریگەری لەسەر جۆری مەعریفەکە دادەنێ، بەڵام ناتوانێ جێگەی لۆژیک و بەڵگاندن بگرێتەوە.

سێیەم، وتەی جێگەت گەرمە، ناڕەزایەتییەکە بۆ ئەوەی ئایا ئەو کەسەی لە دوورەوە بڕیار دەدا شیاوە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئاستێک لە مەترسی بە سەر هاوواڵتیانی ئاساییدا بسەپێنێ یا نا؟. ڕەنگە ئەمە بەهێزترین بەشی ئەم وتەزایە بێ. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی لە دیاسپۆرایە و دوور لە ڕۆژهەڵات دەژی، بتوانێ ڕووداوەکان بەدروستی شی بکاتەوە، دیسانەوە دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لە چ پێگەیەکەوە دەتوانێ خەڵک بۆ ئەنجامی کارێک ڕابسپێرێ کە بارەکەی لەسەر شانی خۆی نییە. زانینی ئەوەی کە کارێک دەتوانێ قازانجی هەبێ لەگەڵ ئەوەی کە مافی بڕیاردانت لەوبارەوە هەبێ وەک یەک نییە. ئەگەرچی ئامادەیی تاکێک لە دیاسپۆرا بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات و فیداکاریی شەخسی دەتوانێ مەودای قسە و کردەوە کەم بکاتەوە، بەڵام ڕەزایەتیی مرۆڤ بۆخۆی بۆ ئەنجامدانی کارێک ناتوانێ جێگای ڕەزایەتیی ئەوانی دیکە بۆ ئەنجامدانی هەر ئەو کارە بگرێتەوە.

هەڵبەت ئەگەر ئەم وتەیە بۆ کۆتاییهێنان بە گفتوگۆ بێ و پارێزبەندییەک بۆ ڕێبەریی حیزبەکان لە ڕەخنە ساز بکا هەتا دەنگی دیاسپۆرا کەمرەنگ بکاتەوە، چی تر مانایەکی ئەخلاقی نامێنێ. لەم جۆرە بەکارهێنانەدا،

بیرهێنانەوەی مەترسی وەک ئیمتیازێکی سیاسی بۆ کەسانێک بەکار دێ کە خاوەنی دەسەڵاتن. هەندێک جار ڕێبەریی حیزبەکان دەتوانن بە بیانووی نزیکایەتی لە مەیدانی ڕۆژهەڵات خۆیان لە وڵامدانەوە بدزنەوە، لە کاتێکدا جاروبار خۆیان ئەمنییەتی زیادتریان لە هاووڵاتییەکی ئاسایی هەیە. چالاکی مەدەنیی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیش ڕەنگە ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی وەک دەنگی کۆمەڵگا پێناسە بکات و گوێ بە شێوازەکانی دیکەی خەبات نەدا کە کەسانی دیکە پێشنیاری دەکەن. هەربۆیە جێگەت گەرمە نابێ ببێ بە نوسخەیەکی دیکە لەو ئیدەعایە کە تەنیا ئەو کەسانەی ڕەنجیان کێشاوە مافی قسەکردنیان هەیە؛ خۆی لە خۆیدا ڕادەی ڕەنج ناتوانێ دروستبوونی داوەریکردن یا مافی نوێنەرایەتی بسەلمێنێ .

لە ئەنجامدا دەکرێ مانای کۆتایی جێگەت گەرمە بەم شێوەیە بێ: هەرچەندە مەودای مرۆڤ لە دەرەنجامەکە زۆرتر بێ، ئەرکی ئەو بۆ بیستن، ڕوونکردنەوە و گرێدانەوەی وتەکانی لەگەڵ بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی قورستر دەبێ؛ هەرچەندە مرۆڤ بە مەیدانی خەبات نزیکتر بێ، دەبێ ئەزموونەکانی زیادتر بەهەند بگیرێ، بێئەوەی لە ڕەخنە و بەڵگاندن بێبەری بێ. کاتی وتنی ئەم وتەیە نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە نایەکسانی لە پێگەدا باشترە بگوازرێتەوە بۆ گفتوگۆیەک سەبارەت بە مافی بڕیاردان و بەپرسیارەتی. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ بێدەنگکردنی ئەویتر ئەم وتەیە بەکار بێ، هەر ئەو فەزا دێموکراتیکە سنووردار دەکرێتەوە کە سیاسەتی ڕزگاری دەیهەوێ لە کوردستان پەرەی پێ بدا.

سەرچاوەکان:

Anderson, Benedict. 1992. Long-Distance Nationalism: World Capitalism and the Rise of Identity Politics. Amsterdam: Centre for Asian Studies Amsterdam.

Arendt, Hannah. 1998. The Human Condition. 2nd ed. Chicago: University of Chicago Press.

Arendt, Hannah. 2003. Responsibility and Judgment. Edited by Jerome Kohn. New York: Schocken Books.

Arendt, Hannah. 2006. On Revolution. New York: Penguin Classics.

Baser, Bahar, Ann-Catrin Emanuelsson, and Mari Toivanen. 2015. "(In)visible Spaces and Tactics of Transnational Engagement: A Multi-Dimensional Approach to the Kurdish Diaspora." Kurdish Studies 3 (2): 128–150.

Kaya, Zeynep N. 2020. Mapping Kurdistan: Territory, Self-Determination and Nationalism. Cambridge: Cambridge University Press.

Koinova, Maria. 2018. "Sending States and Diaspora Positionality in International Relations." International Political Sociology 12 (2): 190–210.

Weber, Max. 2004. Politics as a Vocation. In The Vocation Lectures, edited by David Owen and Tracy B. Strong, translated by Rodney Livingstone, 32–94. Indianapolis: Hackett.